KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-5-2007 20:35بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## نامەیەکی کراوە بۆ حوکومەتی هەرێمی کوردوستان ... سەنتەری ژنانی کورد لە کۆڵن

کارەساتە لە باشوری کوردستان و لە دوای 16 ساڵ ئازادی و لە دوای چوارسال ڕوخاندنی ڕژیمی بەعس. ئەو کۆمەڵگایە ئەوەندە توندو تیژ بووە ئەگەر جاران ژنان لەسەر شەرەف بکوژرایە ماڵە باوک و کەس و کاری بە دزییوە هەڵ دەستان بەو کارە. بەڵام ئێستا ژن کوشتن زیاتر، پەرە دەسەنێ و بەئاشکراو بە دەستی جەماوەر دەکوژرێ ئەمە تراژیدیایەکی گەورەیەو خەتەرە بۆ سەر ژنانی کورد. هەمو دەزانین دووعا یەکەم کیژۆڵەی کورد نەبوو کە بەو شێوە یە شەهید کراوە، زۆر کەس و لایەن هەیە کە بە شێوەی جۆراو جۆر ئەم کارە مەحکووم دەکەن لە کوشتنی دوعا !!!!
بەڵام هەندێکیان ئەم هەلە دەقۆزنەوەبۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان وەکو چەکێک بۆلە ناو بردنی کوردە ئێزدییەکان بە کاری دێنن. ئێمە وەک سەنتەری ژنانی کورد لە شاری کۆڵن. و وەک خاوەن تراژیدیا ئەم تاوانە مەزنە شەرمەزارو ریسوای دەکەین، وە بێدەنگ نابین لەو تاوانە ئێمە وەک ئەرکی سەر شانی خۆمان هەستاوین بە چەندین چالاکی، وەک نامەیەکی فەرمی بۆ پەرلەمانی یەکگرتووی ئەوروپا، نامەیەک بۆ وەزارەتی مافی مرۆڤ لە ئەوروپا، وە خۆپیشاندان و هتد ... ...
داوا لە حوکومەتی هەرێم دەکەین بۆ بنە بڕ کردنی ئەم تاوانانەی کە بەرانبە ر بە ژن دەکرێ.
* یاسایەکی تایبەت بۆ بەرگری کردن لە ژنان دا بنرێ و کاری پێ بکرێ.
*بکوژانی دووعا بە زووترین کات بگەنە سزای یاسایی خۆیان.
*پێویستەو ئەبێ پەناگەی تایبەت لە هە موو شارو شارۆچکەکانی کوردستان دابنرێ بۆ پەنا دانی ئەو ژنانەی کە ژیانیان لە مەترسیدایە.
ئەگەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەیەتە وەڵام لەم تاوانە ئەوا ناچار دەبین زیاتر دەنگی ژنان بگەیەنینە جیهان !!!!!

سەنتەری ژنانی کورد لە کۆڵن
ئەڵمانیا 2007/5/2

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.